# ١٢٠

# وانەی گرنگی

# فۆتۆشۆپ

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
hemnymela@yahoo.com
dr.hemnbarznji@yahoo.com

**بێدەنگی لە چەنەبازەوەفێربووم ...و هەوڵدان لەتەمەڵەوە ...و هێمنی لە لوت بەرزەوە ،زۆر سەیرە من ڕێزی ئەم مامۆستایانەم ناگرم .............!!**

**جۆزێف جۆبێر**

## ئەم بەرهەمە پێشکەشەبە:

*** دایکم و...باوکم ...و هەردوو براکەم.**

***هەموو ئەوانەی بوونەتە بەشێك لە یادگاری و بیرەوەرییەکانم.**

***هەموو هاوڕێکانم.**

***ئەو مرۆڤەی پڕبەدڵ خۆشم دەوێت و هەموو ڕۆژێ بەنیگایەکی شەرمنانە ئەو خۆشەویستییەی بۆ دەردەبڕم و ئاواتە خوازم لە ئایندەیەکی نزیك دا ببێتە هاوسەری ژیانم .**

## ناسنامە

**–کتێبی :١٢٠ وانەی گرنگی فۆتۆشۆپ .**

**–نوسینی :هێمن مەلا کەریم بەرزنجی .**

**–پیتچنین و،نەخشەسازی ناوەوە:نووسەر**

**–بابەتی بەرهەم:زانستی – گرافیك – ئایتی .**

**–تیراژ:٤٠٠٠هەزار دانە .**

**–شوێنی چاپ :سلێمانی –٢٠١٠ .**

**–نۆبەتی چاپ:دووەم.**

## بەناوی خوای بەخشندەیی میهرەبان

## پێشەکی

گرافیك و نەخشەسازی و جوانکاری و وێنەسازی جێگەی سەرنجی بەکارهێنەر و پسپۆڕانی بواری ئایتی و ڕاگەیاندنن بەهەردوو بەشی بیستراو و بینراوەوە و،یەکێك لەو بەرنامە گرنگانەی کە لەم بووارە دا بەکارهێنانی دیار و بەرچاوی هەیە ،بەرنامەی ((ئەدۆب فۆتۆشۆپ)) ە و،بەکارهێنەری کورد تاڕادەیەکی باش ئاشنایەتی لەگەڵی دا هەیە و،کەم تازۆر بەکاری دەهێنێت و،هەمیشەش بەکارهێنەری کۆمپیوتەر زۆر حەزی لێدەکات و ئاواتە خوازە فێری ببێت و،بەندەش ئەوەندەی کاتم هەبووبێت هەوڵم داوە ،لەم بوارە دا دانراوی تایبەتیم هەبێت و خزمەت بە بەکارهێنەری کورد بکەم و،ئەم بەرنامەیەیان پێئاشنا بکەم.

هەربۆیە بەپێویستم زانی بەرهەمێکی تایبەت بەم بووارە پێشکەش بە فێرخوازانی کورد بکەم ،تا بەهۆیەوە ئاشنایەتی زیاتر لەگەڵ ئەم بەرنامەیەدا،پەیدا بکەن،ئەویش بە پێشکەش کردنی ١٢٠ وانەی زۆر گرنگی فۆتۆشۆپ،کە هەوڵمان داوە زۆرترین بوارەکان لە خۆ بگرێت و،هەریەکێك لەو وانانەش تایبەتە بەکارێکی دیاری کرا و ،و بەهەموو نەوەو ڤێرژنەکانی فۆتۆشۆپیش ،لە فۆتۆشۆپی حەوتەوە تا دووا ڤێرژن،جێبەجێدەبێت.بۆیە ئەم وانانە تایبەت نییە بە یەك نەوەو ڤێرژنی تایبەتی فۆتۆشۆپ.

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە کە هیچ بەرهەمێك بێکەم و کورتی نییە و،ناردنی سەرنج و تیبینییەکانتان ،کارەکەمان زیاتر بەرەو پێشەوە دەبات،وەڵێ دەبێت خوێنەر و فێر خوازی کورد ئەوەشی لە بیر نەچێت،کە ئەم بەرهەمە و هەموو بەرهەمەکانی تر،بە هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر و شەونخونی و خواردنی مافی کە سانێك بەرهەم هاتوون،کە لێرەوە ڕێزوو خۆشەویستیم بۆیان هەیە،بۆیە دەبێت هەڵە و کەم و کورتییەکان وانەکات هەوڵ و ماندوو بوونەکان لەبەر چاو نەگیرێت.

لە کۆتاییدا ،بەفەرموودەیەك بە جێتان دەهێڵم و بە خوداتان دەسپێرم بەوهیوایەی لە ئایندەیەکی نزیك دا و،بە بەرهەمی نوێوە بێینەوەلاتان ،چاوەڕوان بن..


**پێغەمبەرمان موحەمەدەلمستەفا (د.خ) دەفەرموێت : قال رسول الله صلى الله عليه و سلم:اذا مات الانسان انقطع عنه عمله الا ثلاث ،الا من صدقة جارية او عيلم ينتفع به او ولد صالح يدعو له . اخرجه مسلم و النسائي و احمد**

هێمن حاجی سەیید شێخ عەبدولکەریم سەییدشێخ ئەحمەد شێخولئیسلامی مودەڕیسی بەرزنجە

وانەی ١


# نووسین لەسەر وێنە

١-ئەو وێنەیەی دەتەوێت لەسەری بنووسیت ،بیکەرەوە،ئەویش بە کلیك کردن لە سەر فایل File و پاشان کلیك کردن لەسەر Open یان Open Asیان Browse بکە و بەهۆیەوە دایەلۆگ بۆکسێکت بۆ دەکرێتەوە و،لەو دایەلۆگ بۆ کسەی بۆت کرایە وە،ئەو شوێن و فۆڵدەرە دیاری بکە کە وێنەکەی تیایە و،دووای ئەوەی وێنەکەت دیاری کردن دووانە کلیك (دەبڵ کلیك) ی لەسەر بکە،بەمەش وێنەکە دەکرێتەوە ،بڕوانە وێنەی ٣،٢،١:




وێنەی ١

وێنەی ٢





وێنەی ٢




وێنەی ٣

٢–ئێستا كلیك لەسەر دوگمەی تایبەت بە نووسین بكە ،بڕوانە وێنەكە :



٣–پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرە سەر ئەو وێنەی كردمانەوەو، بە درەگ و درۆپ **بە شێكی تایبەت بۆ ئەو نووسینە بكێشە كەدەتەوێت نووسینەكەی تیادا بنووسیت ،بڕوانە وێنەكە :





**درەگ و درۆپ :لەسەر شوێنێكی وێنەكە كلیك بكە و پەنجە لەسەر كلیك لامەبە تا لاكێشەی تایبەت بە نووسینەكەت دەكێشیت...

٤–ئێستا چی نووسینێکت دەوێت لە ناو لاکێشەی تایبەت بە نووسینەکە بینووسە،بڕوانە وێنەکە:




تێبینی :

لەکاتی کلیك کردن لەسەر فرمانی تایبەت بە نووسین،چەند دووگمەیەکی تایبەت لە ناو شریتێکی تایبەت بە نووسین دا ،دەکرێتەوە،کە بەکارهێنەر دەتوانێت سودیان لێوەربگرێت،بەم شێوەیە:





بۆ هەڵبژاردنی جۆری فۆنت،فۆنتی کوردی ،عەرەبی،ئینگلیزی ،و ....




بۆ هەڵبژاردنی جۆری نووسینەکە (ڕێك –Regular تۆخ –Bold ...) بێت :




بۆ هەڵبژاردنی حەجمی نووسینەکە بەکاردێت :




بەکارهێنانی دووگمەکانی تریش ئاسانە و ...بەکارهێنەر دەتونێت تاقییان بکاتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕووانە کتێبی (فۆتۆشۆپ گەلەری)یان(فۆتۆشۆپی٧–٨–٩–١٠)

یان(فۆتۆشۆپ١١).

٢


وانەی

# دانانی نووسینێکی PDF لەسەر وێنە

١–ئەو وێنەیەی دەتەوێت نووسینەکەی بخەیتەسەر بکەرەوە.(کردنەوەی وێنە لە وانەی یەك دا باس کرا):




٢–کلیك لەسەر فایل File بکە،پاشان کلیك لەسەر Place بکە،بڕوانە وێنەکە:



٣-لەو دایەلۆگ بۆ کسەی بۆتکراوەتەوە،دەبڵ کلیك لەسەر ئەو فایلە PDF بکە،کە دەتەوێت بیخەیتەسەر وێنەکە و بەمەش فایلە پی دی ئێفە کە دەکرێتەوە و،دەچێتە سەر وێنەکە:




٤-ئێتا نووسینە پیدی ئێفەکە هاتە سەر وێنەکە و دەتوانین گەورەی بکەین یان ڕەنگی بکەین یان شوێنەکەی بگوێزینەوە:




وانەی ٣


# نووسینی ژمارەکان (ڕەقەم – Number)

# بە ڕێنووسی کوردی

١–کلیك لەسەر Windows بکە،کە بەهۆیەوە لیستی ویندۆز دەکرێتەوە،پاشان کلیك لەسەر Character بکە،کە بەهۆیەوە دایەلۆگ بۆکسی تایبەت بە نووسین دەکرێتەوە،بڕوانە وێنەی ١ و ٢ :




وێنەی ١




وێنەی ٢

٢–لە وێنەی ٢،لەبەشی ... Set the languageدا،کلیك لەسەر Arabic بکە و هەڵی بژێرە و ئێستا دەتوانیت ژمارەکان بە کوردی بنووسیت،بڕوانە وێنەکە:



وانەی
٤

# گواستنەوەی وێنەیەك بۆ ناو وێنەیەكی تر

١–ئەو دوو وێنەیە بكەرەوە كە دەتەوێت كارەكەیان لەسەر ئەنجام بدەیت :




٢–ئێمە دەمانەوێت وێنەی ٢ بگوێزینەوە بۆ ناو وێنەی ١،بۆ یە بەهۆی فرمانی گواستنەوەوە وێنەی ٢ بگوێزەرەوە بۆ ناو وێنەی ١،یان وێنەی دوو دیاری بكە Selected پاشان بەهۆی ئامرازی گواستنەوەوە بیگوێزەوە:




ئەم ئامرازە بۆ



گواستنەوەی وێنەی ٢ بۆ ناو وێنەی ١ بەكاردێت،بە ڕاكێشانی وێنەی ٢ بۆ ناو وێنەی١

****

پاشان بەهۆی ئامرای




لاستیكەكەوە باكگراوەند و بەشە زیادەكانی وێنەی ٢ بسڕەوە.

وانەی ٥

# دروستكردنی ئەلبووم بۆ سایتی ئینتەرنێت

١-كليك لەسەر File بكە و،پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرە سەر Automate
و ...پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرە سەر ... Web photo Gallery و كليكی لەسەر بكە:



٢- ئەم دایەلۆگ بۆکسەی خوارەوە دەکرێتەوە،کە دەتواینین چەند هەڵبژاردن و تیبەتمەندییەك ئەنجام بدەین بەهۆیەوە:

*لەبەشی Style دا،بە ئارەزوی خۆت یەکێك لە مۆدێلەکان هەڵبژێرە،کە چەند مۆدێلێکی ئامادەکراوی تێدایە.


*پاشان لەبەشی Browse دا،فۆلدەری ئەو وێنانە هەڵدەبژێرین کە دەمانەوێت بیکەین بە ئەلبووم.

*لەبەشی Destination دا،فۆلدەرێك درووست بکە ،و بۆ ئەوەی ئەلبوومەکەی تێدا خەزن ببێت.


*لەبەشی General دا،دەتوانین چەند هەڵبژاردنێکی دیکە ئەنجام بدەین.

*لەبەشی Extension دا،دەتەوێت ئەلبوومەکەت بە چی پاشگرێك خەزن بکەیت،دیاری بکە،واتە دەتەوێ .htm بێت یان .html یان ....... .

*لە کۆتاییدا کلیك لەسەر ok بکە:




٣-دووای ئەوەی کلیکت لەسەر OK کرد،ئەلبوومەکەت دەکرێتەوە و،بەو شێوەی خۆت دروستتکردووە دەبینرێت، بڕوانە وێنەکەی خوارەوە:




وانەی ٦

# دروستکردنی بازنە و چوار گۆشە و ....


١-کليك لەسەر فايل File بكە،پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر New كليكی لەسەر بكە:





٢-ئەم دايەلۆگ بۆ كسەی خوارەوە دەكرێتەوە،كە بەهۆيەوە لاپەڕەيەكی نوێ دەكەينەوە بۆ ئەنجامدانی كارەكەمان،ئەويش بە نووسين و دياری كردنی پانی Width وبەرزی height و ديقە Resolution و..... و لەكۆتايدا كليك كردن لەسەر Ok :





٣-ئێستا لاپەڕەيەكی نوێمان بۆ كرايەوە،دەتوانين كارەكەمانی لەسەر ئەنجام بدەين:




٤–ئێستا بەهۆی ئامرازی دیای کردنەوە، Marquee Tool ئەو شێوەیە بکێشە کەدەتەوێت دروستی بکەیت:





٥–کلیك لەسەر Edit بکە و پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر ... Stroke و کلیکی لەسەر بکە:




٦–ئەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوە،و تیایدا پانی Width ئەو وێنەیەی دەیکێشی دیاری بکە،پاشان ڕەنگەکەی Color و،ئینجا شوێنەکەی واتە Location کە سێ شێوەیە،ئەوانیش: لە ناوەوە Inside و لە ناوەڕاست(چەق) Center و لە دەرەوە Out Side و .... پاشان کلیك لەسەر ok بکە:



٧–ئێستا بازنەکە دروست بوو:



**چاوەڕوانی ئەم بەرهەمانە بن ... لە نزیکترین ماوەدا**

**١.فۆتۆشۆپ ٧–٨–٩–١٠.**

**٢.سایتە جیهانییەکان.**

**٣.مایکرۆسۆفت ئۆفیس ٢٠٠٣.**

**٤.گەیاندن و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر .**

**٥.بەرنامەسازی بە زمانی جاڤا.**

**٦.فۆتۆشۆپ ١١.**

**٧.ڤیدۆ** (ڤیدۆ ستۆدیۆ،میدیا ستۆدیۆ،ئەدۆب پریمەر،فۆڕمات فاکتەری،موڤی مەیکەر و ..... )

**٨.فەرهەنگی کۆمپیوتەری ئۆکسفۆرد.**

**٠٧٧٠١٥١٥٥٨٢**

**٠٧٥٠١٢٢٠٥٢٤**


وانەی ٧

# زیاد کردن و کەمکردنی ڕێژەی ڕەنگی بەشێکی دیاری کراو


١-وێنەکە بکەرەوە،و پاشان بەهۆی یەکێك لە ئامرازەکانی دیاری کردنەوە ئەو بەشەی وێنەکە دیاری بکە ،کە دەتەوێت ڕەنگەکانی دەستکاری بکەیت:

ئامرازەکانی دیاری کردن


Select




٢-پاشان کلیك لەسەر Image بکە و،سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Adjustment و ئینجا سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Color Balance و کلیکی لەسەر بکە:



٣- ئەم دایەلۆگ بۆکسەی خوارەوە دەکرێتەوە،کە دەتوانین بەهۆیەوە ڕەنگەکان زیاد و کەم بکەین:




*دەتوانین خۆمان لە ناو سێ لاکێشەکە Color Levelدا، ڕێژەی ڕەنگەکان بنووسین.بڕوانە وێنەکە، یاخود بەهۆی هێماکانی زیاد کردن و کەمکردنی ڕەنگەوە، ڕێژەی ڕەنگەکان بگۆڕین،نابێت ئەوەشمان لە بیربچێت کە هێماکە بەرەو چی ئاراستەیەك ببەین ئەو ڕەنگە زیاد دەکات لە وێنەکەدا،یان لەبەشە دیاری کراوەکە دا،بۆنموونە ئەگەر بەئاراستەی سور Red بیجوڵێنین ئەوا ڕەنگی سور زیاد دەکات،بۆ ڕەنگەکانی تریش بەهەمان شێوەیە.ئەگەر دەتەوێت پێش ئەوەی کلیك لەسەر ok بکەیت،بزانیت چی بەسەر وێنەکە دا دێت،ئەوا کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم Preview بکە.

٤-دوای ئەوەی کارەکانی سەرەوەت ئەنجام دا کلیك لەسەر ok بکە و بەمەش ڕەنگی وێنەکەت دەگۆڕێت،بەو شێوەیەی خۆت دەستنیشانت کردبوو،بڕوانە وێنەکە:




# گۆڕینی وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ ڕەش و سپی

٨
وانەی

١-وێنکە بکەرەوە.(لەوانەکانی پێشوودا باسی کردنەوەی وێنە کراوە):



٢-کلیك لەسەر Imageبکە، پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Adjustmentو ئینجا سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Desaturate و کلیکی لەسەر بکە:




٣-ئێستا بڕوانە ویچنەکە بووەتە ڕەش و سپی:



# چۆن وێنە یەك بکەین بە دووان

وانەی ٩


١-ئەو وێنەیە بکەرەوە کە دەتەوێت وێنەیەکی هاوشێوەی لێوە دروست بکە
هەڵیبگریت:



٢-کلیك لەسەر Image بکە، پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Duplicate (بڕوانە وێنەی١) و کلیکی لەسەر بکەکە بەهۆیەوە ئەم شێوەیە دەکرێتەوە (بڕوانە وێنەی ٢) :




وێنەی ١




وێنەی ٢

٢-لە خانەی AS دا،بڕوانە وێنەی ٢، ناوێك بۆ وێنە نوێیەکە بنووسە و کلیك لەسەر Ok بکە و،بەمەش دەبینیت وێنەکە بوو بە دوو دانە:




# وانەی ١٠

# گۆڕینی شێوەی نووسین و جوانکاری تیایدا


١-نووسینێك بنووسە .(لەوانەکانی پێشوودا باسی چۆنییەتی نوسینمان کرد).




٢-کلیك لەسەر Layer بکە،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر type و ئینجا سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Create work path و کلیکی لەسەر بکە :




٣-ئێستا هاوشێوەی نووسینەکەمان بۆ درووست بووە،بەڵام بە شێوەیەکی شەفاف و کاڵتر(بڕوانە وێنەی ١) ،کە بە هۆی ئامڕازی گواستنەوەوە(وێنەی ٢) دەتوانین لە یەکیان جیابکەینەوە (وێنەی ٣):




وێنەی ١



وێنەی ٢
ئامڕازی
گواستنەوە





وێنەی ٣

وانەی ١١


# گۆڕینی نووسین بۆ شێوەی ئالآ،شەپۆل ، . . .

یەکێك لە جوانکارییەکانی فۆتۆشۆپ ئەوەیە،کە دەتوانین ئەو نووسینەی نووسیومانە بیگۆڕین بۆ شێوەی تاج،یان ماسی،یان شەپۆل،یان .... .


١-نووسینێك بنووسە:





٢-کلیك لەسەر Layer بکە،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Type و ،ئینجا سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Wrap text و کلیکی لەسەر بکە:



٣-ئێستا ئەم شێوەیەی خوارەوەت بۆ کراوەتەوە،بە ئارەزووی خۆت و لەبەشی Style دا،شێوەیەك هەڵبژێرە و،پاشان ئەوەندەی دەتەوێت دەستکاری شێوەکە بکە:





٤-پاشان کلیك لەسەر Ok بکە و ... بەمەش نووسینەکەمان ئەو شێوەیە وەردەگرێت کە خۆمان هەڵمان بژاردووە،واتە شێوەی ئاڵا وەردەگرێت.چونکە ئێمە ئەو شێوەیەمان هەڵبژاردبوو:




وانەی ١٢

# دانانی شێوە تیشکێکی جوان لەسەر ڕووی وێنەکان


١-وێنەیەك بكەرەوە:




٢-كلیك لەسەر filter بكە و،پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Renderو دوواتر سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Lens Flare(بڕوانە وێنەی ١) و كلیكی لەسەر بكە،كە بەهۆیەوە دایەلۆگ بۆكسێكت بۆ دەكرێتەوە،(بڕوانە وێنەی ٢) :





وێنەی ١




وێنەی ٢

٣–لەبەشی  Flare center دا،ئەو وێنەیە دەبینیت کە کردوماتەوەو،لە چ شوێنێك دا دەتەوێت شێوە تیشکییەکە دابنێیت کلیکێك بکە و،پاشان لەبەشی  Brightness دا ڕووناکی تیشکەکە زیاد و کەم بکە و،لە  Lens Type دا،جۆری لێنزەکە دیاری بکە و،لە کۆتایدا کلیك لەسەر  ok بکە :




٤–وێنەکەت ئەم شێوە تیشکییە جوانکارییەی وەرگرتووە:




وانەی ١٣

# گۆڕینی وێنە بۆ وێنەیەکی شێوە(داتاشراو) پەیکەر

١–وێنەکە بکەرەوە:




٢–کلیك لەسەر Filter بکە،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Stylize و،دوواتر سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Emboss وکلیکی لەسەر بکە:



٣–ئەم شێوەیەی خوارەوەت بۆ دەكرێتەوە،كە لە كۆمەڵێك بەشی گرنگ پێكهاتووە:




*+ و –:بۆ گەورەكردن و بچووككردنەوەی وێنەكە.

*Angle:بەهۆیەوە گۆشەی فرمانەكە دیاری دەكەین.

*Height:بۆ دیاری كردنی بەرزی.

*Amount:بەهۆیەوە ڕێژەی كەمییەكە دیاری دەكەین.

*Preview:بەكلیككردن لەناو چوارگۆشە بچوكەكەی بەردەم ئەم فرمانە ، فرمانەكە چالاك دەبێت و، گۆڕانەكەمان پیشان دەدات بەرلەوەی Ok بكەین.

*لە كۆتاییدا كلیك لەسەر Ok دەكەین و … بەمەش كارەكە لەسەر وێنەكە جێبەجێدەبێت.

٤–لە كۆتایی دا ،وێنەكە بەم شێوەیەی لێدێت:



وانەی ١٤


# گواستنەوەی وێنەی سەر باکگراوەند

## چەند بارە کردنەوەی وێنەیەك لە یەك فایلدا


١-وێنەکە بکەرەوە:




٢-کلیك لەسەر Filter بکە ،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Other و،ئینجا سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Offset و کلیکی لەسەر بکە :



٣-ئەم دایەلۆگ بۆکسەی خوارەوە دەکرێتەوە،کە بەهۆیەوە دەتوانین وێنەکە بە ئاراستەی ئاسۆیی یان ستوونی بگوێزینەوەو بەمەش باکگراوەندەکەی دەردەکەوێت،ئەگەر کلیکمان لەسەر Set to Background کردبێت،وەئەگەر کلیك لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم Wrap Around بکەین،ئەوا دەتوانین وێنەی باکگراوەندەکە بکەین بە دوو وێنە،یان چوار ،و بەو شێوەیە.لەکۆتای کارەکە دا کلیك لەسەر Okدەکەین،بڕوانە وێنەکان:







وانەی
١٥

# دابەزاندنی Eye Candy ٤٠٠٠


١-سیدییەکە بکە ناو سیی ڕوومەکەوە.

٢-پاشان سیدییەکە بکەرەوە.


٣-فوڵدەری ئای کاندی ٤٠٠٠ بکەرەوە:




٤-دووانە کلیك (دەبڵ کلیك ) لەسەر دووگمەی دابەزاندن Setup بکە:





٥-ئەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوە کلیك لەسەر Next بکە:




٦-ئەم شێوەیەی خوارەوە دەكرێتەوە كليك لەسەر دووگمەی ڕازیبوون Accept بكە:





٧-ئەم شێوەیەی خوارەوە دەكرێتەوە كليك لەسەر Next بكە:




٨–ئەم شێوەیەی خوارەوە دەكرێتەوە،لەناو لاكێشەی یەكەم دا ناوێك بنووسە و،لەناو لاكێشەی سێهەم دا ناوێكی تر بنووسە و،لەناو لاكێشەی سێهەم دا ،سیریەڵ نەمبەری بەرنامە داغڵ بكە،كە لەناو فایلێك دایە ،لە فۆڵدەری ئایكاندی دانراوە،لە كۆتای دا كلیك لەسەر Nextبكە:





٩–ئەم شێوەیەی خوارەوە دەكرێتەوە،تیایدا دووانە كلیك لەسەر Program File بكە و،پاشان دووانە كلیك لەسەر فۆڵدەری Adobe بكە و،دوواتر دووانە كلیك لەسەر فۆتۆشۆپ سی ئێس بكە،ئێستا هەنگاوی پێش كۆتاییە و كلیك لەسەر فۆڵدەری Plug-Ins بكە و دوواتر دەبڵ كلیك لەسەر Filter بكە، پاشان كلیك لەسەر Ok بكە:



١٠-له كۆتایی دا،كلیك لەسەر Finish بكە:




١١-ئێستا بەرنامەی ئەدۆب فۆتۆشۆپ بكەرەوە و،سەیری لیستی Filter بكە،دەبینیت، ئای كاندی ٤٠٠٠ دابەزیووە:



# دروستکردنی وێنەیەکی کاڵی شێوەخەیاڵی

**وانەی ١٦**

١–وێنەکە بکەرەوە:





٢–بەهۆی یەکێك لە ئامڕازەکانی دیاری کردنەوە ،ئەو بەشەی وێنەکە دیاری دەکەین ،کە دەمانەوێت بەکاڵی لەتەنیشت وێنەکەوە دایبنێینەوە،پاشان کۆپی دەکەین Edit>>>copy و دوواتر دایدەنێینەوە Paste و پاشان بەهۆی ئامڕازی جوڵاندنەوە دیگوێزینەوە بۆ تەنیشتی وێنەکە:






٤–لەپەنجەرەی تەنیشتی و لەبەشی Layer دا، Opacity بکە بە ١٧٪ یان ٢٥٪ یان .... بە پێی پێویستی خۆت و بە ئارەزووی خۆت ،بەمەش وێنەکەی تەنیشتی کاڵ دەبێتەوە:




تێبینی:


دەتوانین پێش ئەوەی وێنەکە کاڵ بکەینەوە بەهۆی ئامڕی سڕینەوەوە Eraser چوار دەوری وێنەکە بسڕینەوە پاشان کاڵی بکەینەوە.




# دروستكردنی مۆدێل Style

وانەی
١٧


١- پەڕەیەکی نوێ بکەرەوەو نووسینێکی تێدا بنووسە:




٢-كليك لەسەر Layerبكە،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Layer Style و دوواتر سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Blending Option و كليكی لەسەر بكە:





٣-دايەلۆگ بۆكسێك دەكرێتەوە، كە دەتوانين بەهۆيەوە زۆر گۆرانكاری بكەين،وەكو دروستكردنی سێبەر و،چێوەو،رەنگكردن و، زۆر رازاندنەوەو گۆڕانكاری ديكە كەئەمەش كارئاسانی دەكات بۆ بەكارهێنەر و كاتێكی زۆرمان بۆ دەگێرێتەوە:





٤–لە وێنەکەی سەرەوەدا هەموو گۆڕانکارییەکان دەبینن کە دەمانەوێت لەو ستایڵەدا هەبێت کە دروستی دەکەین،ئێستا کلیك لەسەر دووگمەی New Style بکە،کە بەهۆیەوە ئەم دایەلۆگ بۆ کسەت بۆ دەکرێتەوە،ناوێك بۆ ستایڵەکەت بنووسە و کلیك لەسەر okبکە:




٥– من ستایڵەکەمم ناوناوە hemn بۆیە ئەگەر سەیری بەشی ستایلْ بکەین،لە پەنجەرەکانی تەنیشتی دا و لە بەشی ستایلْ دا،ئەوا ستایڵی هێمن دەبینی،کە دەتوانم هەر نووسینێکی نوێم نووسی بەتەنها یەك کلیك ئەم ستایڵەی پێبدەم:



# دووبارە كردنەوەی وێنەیەك لە ناو وێنەكەدا


## (دووبارە كردنەوەی بەشێكی وێنەیەك)

**وانەی ١٨**

١- وێنەیەك بكەرەوە:



٢-كلیك لەسەر دووگمەی Healing Brush Tools بكە و ،پاشان پەنجە لەسەر دووگمەی Alt دابگرە و كلیك لەسەر ئەو بەشەی وێنەكە بكە كە دەتەوێت دووبارەی بكەیتەوە،پاشان سەهمی ماوسەكە ببەسەر ئەو شوێنەی دەتەوێت وێنەكەی تیادا دابنێیتەوە،و دەستبكە بە جوڵاندنی هێمای ماوسەكە لەو جێگەیەدا هەتاوەكو وێنكە دادەنێیتەوە،و پاشان دەست لاببە:



وانەی
١٩

# لابردنی پەڵەی سەر وێنە

١-وێنەکە بکەرەوە:




٢-پاشان کلیك لەسەر Patch Tool بکە و،ئینجا سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر ئەو پەڵەیەی دەتەوێت لایببەیت و،دیاری بکە و،پاشان پەنجە بە دووگمەی چەپی ماوسەکە دا بنیٚ،و پەنجە لامەبە و بە ئاراستەی شوێنێك بجوڵیٚ کە دەتەوێت شوێن پەڵەکە ئەو ڕەنگە وەربگرێت،پاشان پەنجە لاببە بەمەش پەڵەکە لادەچێت:




وانەی ٢٠

# لەبەرگرتنەوەی بە شێکی وێنەیەك

١-وێنەیەك بکەرەوە:




٢-کلیك لەسەر Clone Stampبکە و،پاشان پەنجە بنێ بە دووگمەی Alt دا و،پەنجە لە سەر دووگمەی Alt لامەبە و کلیك لەسەر ئەو بەشە بکە کەدەتەوێت لەبەری بگریتەوە و،دوواتر سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر ئەو بەشەی کە دەتەوێت کۆپییەکەی تیادابنێیتەوەو ،بەردەم سەهمی ماوسەکە بهێنە بەو شوێنەدا هەتاو کۆپییەکەت بۆ دادەنێتەوە:



# سپی کردنەوەو ڕوونکردنەوەی وێنە

**٢١**
**وانەی**

١–وێنەکە بکەرەوە:




٢–کلیك لەسەر ئامڕازی Dodge tool بکە و،پشان سەهمی ماوسەکە بهێنەبەسەر ڕووی وێنەکە دا و،دەبینیت هەم سپی دەبێتەوەو،هەم ڕوون دەبێتەوە:




تێبینی :دەتوانیت حەجمی هێمای ماوسەکە گەورە بکەیت،یان بچووکی بکەیتەوە،یان ڕێژەی سپی کردنەوەو ڕوونکردنەوەکە زیاد بکەیت،یان کەمی بکەیتەوە:




وانەی ٢٢

# لابردنی زبری سەر ڕووی وێنەکان

١-وێنەکە بکەرەوە:




٢-کلیك لەسەر ئامڕازی Blur Tool بکە و،پاشان بەماوسەکە بیهێنە بەو شوێنانەی وێنەکە دا کەدەتەوێت زبرییەکەی لاببەیت:








وانەی ٢٣

# کێشانی شێوە خۆییەکان


١-لاپەڕەیەکی نوێ بکەرەوە:





٢-كليك لەسەر Custom Shape Toolبکە :




٣-بۆ دیاری کردن و هەڵبژاردنی ئەو شێوەیەی دەتەوێت بیکێشیت ،كليك لەسەر Shape بکە،کەدەکەوێتە Option Tool Barو دووای ئەنجامدانی كليك کردن لەسەر Custom Shape Tool هاتۆتە سەر شاشەکە،بڕوانە وێنەکە:



٤–ئێستا کلیك لەسەر ئەو شێوەیە بکە کەدەتەوێت بیکێشیت و،پاشان سەهمی ماوسەکە بهێنە سەر لاپەڕە نوێیەکەی کردووتەتەوەو،بەهۆی کلیکی بەردەوامی ماوسەکەوە شێوەکە بکێشە:




**چاوەڕوانبن ...**

**لە ئایندەیەکی نزیکدا ...ئەم بەرهەمانە دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەران**

**١–گەیاندن و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر.** Communications and Computer Networks.

**٢– بەرنامە سازی بە زمانی جاڤا.** Programming With Java

**٣– پێکهاتەکانی زانیاری و ئەلگۆریسم بە زمانی جاڤا** Data Structures and Algorithm With Java

**٤–مایکرۆسۆفت ئۆفیس ٢٠٠٣.**

**٥–فۆتۆشۆپ ٧ و ٨ و ٩ و ١٠ .**

**٦– فەرهەنگی وێنەی ماکمیلان .**

**٧– فەرهەنگی کۆمپیوتەری ئۆکسفۆرد.**

**٨–فۆتۆشۆپ ١١ .**

**٩–ویندۆز ٧.**

**١٠– فەرهەنگی وێنەیی کۆمپیوتەر**

**١١– ڤیدیۆ (موڤی مەیکەر،فۆرمات فاکتەری،میدیا ستۆدیۆ،ڤیدیۆ ستۆدیۆ،ئەدۆب پریمەر،....).**

**١٢–ئینسایکلۆپیدیای بەرزنجە ... بەرگی ٣...بەرگی ٤ ... بەرگی ٥.**

**هێمن مەلا کەریم بەرزنجی – ٠٧٧٠١٥١٥٥٨٢ – ٠٧٥٠١٢٢٠٥٢٤**

**وانەی ٢٤**

# وەرگرتنی ڕەنگێکی دیاری کراو لە وێنەیەك

لەوانە ڕۆژێك پێویستت بەوە بێت ڕەنگێکی تایبەتی لە وێنەیەك وەربگریت و نووسینێکی پێبنووسیت یان بیڕێژیتە شوێنێکی تر ،یان بۆ هەرمەبەستێکی تر.

١-وێنەکە بکەرەوە:




٢-ئێمە دەمانەوێت ڕەنگی لێوی ئەو وێنەیە وەربگرین وپاشان بیڕێژینە باکگراوەندی وێنەکە،یان نووسینێکی پێبنووسین،بۆیە سەرەتا کلیك لەسەر ئامرازی Eyedropper Tool دەکەین و،پاشان کلیك لەسەر ئەو ڕەنگە دەکەین کە دەمانەوێت پێی بنووسین و،دوواتر نووسینەکەمان دەنووسین:






# نووسینی تێبینی لەسەر وێنە

وانەی ٢٥

١–وێنەکە بکەرەوە:





٢–کلیك لەسەر Note Tools بکە و،پاشان لەسەر وێنەکە بەشی تایبەت بە تێبینی بکێشە و سەرنجەکەتی تیادا بنووسە:




وانەی ٢٦

# درووستکردنی سێبەر بۆ نووسین


١- لاپەڕەیەکی نوێ بکەرەوە،ئەو نووسینەی تێدا بنووسە کەدەتەوێت سێبەرەکەی بۆ دابنێیت:




٢-لەپەنجەرەی تەنیشتی چینەکان دا Layers کلیك لەسەر Add a layer style بکە:




٣-لەو لیستەی بۆت کراوەتەوە کلیك لەسەر Drop shadowبکە:




تێبینی:

دەتوانیت لە جیاتی خاڵی ٢ و ٣،جێبەجێبکەیت،بەم شێوەیە فەرمانەکە بەجێبهێنیت:

Layer>>>>Layer Style>>>>Blending Option

٤–ئەم شێوەیەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە،و تیایدا کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم Drop Shadowبکە،پاشان ڕەنگی سێبەرەکە Color و کاڵی و تۆخی سێبەرەکە Opacity و گۆشەی سێبەرەکە Angle و بەکارهێنانی تیشك Use Global Light و دوری و نزیکی سێبەرەکە لە نووسینە ئەسڵییەکەوە Distance و کاڵی و تۆخی سێبەرەکە و جیاکردنەوەی Spread و حەجمەکەی Sizeدیاری بکە و لە کۆتایی دا کلیك لەسەر okبکە:




٥–ئەنجامی کارەکە بەم شێوەیە دەبێت:




سەرنج:وەك لە وێنەکەی خاڵی ٣ – دا،دیارە،دەتوانین بە دوو جۆری تریش سێبەر دابنێین،ئەوانیش Inner Shadowواتە دانانی سێبەر لە ناوەوە Outer Shadow واتە دانانی سێبەر لە دەرەوەی نووسینەکە.

# پێدانی هێڵ وەکو چوار چێوە بۆ چوار دەوری چینێك


**وانەی ٢٧**

١-وێنەیەك بکەرەوە:





٢-چینێکی نوێ Layer دروست بکە،یان وێنەکە دیاری بکە Select و پاشان لەبەری بگرەوە Copy و دابنێرەوەو بیلکێنە Paste.


یان ڕێگەی دووەم بەکاربهێنە و لەپەنجەرەی تەنیشتی چینەکان Layer دا،کلیکی ڕاست لەسەر وێنەکە بکە و،پاشان کلیك لەسەر Duplicate Layer بکە:



٣-ئێستا كليك لەسەر Add a layer style بكە و،پاشان كليك لەسەر Stroke بكە:
يان Layer>>>>Layer Style>>>Stroke بەكاربهێنە:




٤-ئەم شێوەيەى خوارەوە دەكرێتەوە و،بەپێى پێويستى خۆت هەلبژاردنەكان ئەنجام بدە و لە كۆتاى دا كليك لەسەر OK بكە:




**وانەی ٢٨**

# کێشانی هێڵ بەدەوری نووسین دا


## (چوار چێوە بۆ نووسین)

١–لاپەرەیەکی نوێ بکەرەوەو نووسینەکەت بنووسە:




٢–ئێستا کلیك لەسەر Add a layer style بکە و،پاشان کلیك لەسەر Stroke بکە:


یان Layer>>>>Layer Style>>>Stroke بەکاربهێنە:



٣-ئەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوە و،بەپێی پێویستی خۆت هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدە و لە کۆتای دا کلیك لەسەر OKبکە:





٤-نووسینەکەت ئەم شێوەیەی خوارەوە وەردەگرێت:




# دروستکردنی چوار چێوە بۆ وێنە


وانەی ٢٩

١-وێنەکە بکەرەوە،و چوار دەوری وێنەکە دیاری بکە:






٢-کلیك لەسەر Select بکە،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Modify و دوواتر سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Border و کلیکی لەسەر بکە،کە بەهۆیەوە پەنجەرەیەك دەکرێتەوە و،تیایدا ژمارەیەك دەنووسین کە بەهۆیەوە دیاری کردنی دووەممان بۆ ئەنجام دەدات لە دووری دیاری کردنی یەکەم و ئینجا کلیك لەسەر Okدەکەین:








ئێستا چوار چێوەکە دیاری بووە:




ئێستا بەهۆی ئامرازی Paint Bucket Tool وە ڕەنگێك بڕێژە ناو بەشە دیاری کراوەکە:




٤


وانەی ٣٠

# بچوککردنەوەی وێنە


١–وێنەکە بکەرەوە:





٢–کلیك لەسەر Image بکە،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Image Size و کلیکی لەسەر بکە:




٣–ئەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوە،کە حەجمی وێنەکەی تێدایە و یستا حەجمێکی نویَ بۆ وێنەکە بنووسە و کلیك لەسەر Ok بکە:




٤–ئێستا حەجمی وێنەکەت بچوك بوویەوە:




وانەی ٣١

# ڕێکخستنەوەی ڕەنگەکانی وێنە بە شێوەیەکی خۆیی


١–وێنەکە بکەرەوە:





٢– ئێستا کلیك لەسەر Image بکە و،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Adjustment و پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Auto Level و کلیکی لەسەر بکە:




٣– ئێستا کلیك لەسەر Image بکە و،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Adjustment و پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Auto Contrast و کلیکی لەسەر بکە:



٤- ئێستا كليك لەسەر Image بكە و،پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Adjustment و پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Auto Color و كليكی لەسەر بكە:




٥- ئێستا وێنەكەت گۆڕاوە بەم شێوەیەی خوارەوە:





سەرنج:

دەتوانيت خاڵەكانی ٢ و ٣ و ٤ ،بەجيا ئەنجام بدەيت،بۆ سێ نووسخەی وێنەكە تا بەهۆيەوە بەتەواى هەست بە ئەنجا مدانی كارەكە بكەين.


٣٢
وانەی

# زیادکردنی شێوە گڕ بۆ نووسین


١- لاپەڕەیەکی نوێ بکەرەوەو نووسینەکەتی تێدا بنووسە:





٢-کلیك لەسەر Filter بکە و،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Eye Candy ٤٠٠٠و دوواتر سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Fire و کلیکی لەسەر بکە:




٣- ئەم شێوەیەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە ... کلیك لەسەر OK بکە:



٤– ئەم دایەلۆگ بۆ کسەت بۆ دەکرێتەوەو،بە پێی پێویست و بە خواستی خۆت،واتە دەتەوێت گڕەکە چۆن بێت،ئاوا زانیارییەکان ڕێك بخە،یان وەکو سەر وێنەکە ڕێکی بخە:




٥–ئێستا نووسینەکەت ئەم شێوە گڕەی وەرگرتووە:




تێبینی :دەتوانین بەهۆی بەشەکانی Denser Flames و Start From Far Side و Draw Only Out Side Selection)وە جۆری ئاگرەکە دیاری بکەین.


وانەی ٣٣

# وێنە دەرهێنان

١-وێنەکە بکەرەوە:



٢-كليك لەسەر  Filter بکە و... پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر  Extract و كليكی لەسەر بکە:




٣-ئەم دايەلۆگ بۆ کسەی خوارەوە دەکرێتەوەو وەك لە وێنەکە دا ڕوونکراوەتەوە کارەکان ئەنجام بدە:

١ – Edge Highlighter Tool: بەهۆی ئەم ئامڕازەوە ئەو بەشەی وێنەکە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت دەری بهێنین.

٢-  Fill Tool: دووای ئەوەی بەهۆی ئامڕازەکەی خاڵی یەکەمەوە وێنەکەمان دیاری کرد،كليك لەسەر ئەم فرمانەدەکەین و بەشە دیاری کراوەکە پڕدەکەین لە ڕەنگ کە ڕەنگی شین.

٣- Eraser Tool:بەهۆی ئەم ئامڕازەوە دەتوانین ئەو ڕەنگەی ڕشتمانە بەشە دیاریکراوەکە بسڕینەوە.

٤-Zoom Tool:بەهۆی ئەم ئامڕازەوە دەتوانین وێنەکە گەورەبکەین.

٥-Hand Tool:بەهۆی ئەم ئامڕازەوە وێنەکە دەگێڕینەوە و،هات و چۆی پێبدەکەین، بۆ ئەوەی بەئاسانی یتوانین هەر بەشێکمان ویست دیاری بکەین.

٦-Brush Size:حەجمی فلچەکەی پیٚ دەگۆڕین،گەورە یان بچوکی دەکەینەوە.




٤–ئێستا كلیك لەسەر Okبكە و،بڕوانە وێنەكە،كە چۆن بەشە دیاریكراوە دەرهاتووە:





تێبینی هەتا وردتر بین كارێكی جوانتر و باشتر ئەنجام دەدەین،بۆیە پێویستە بێزارنەبین و وردبین لە كارەكەمان دا.


وانەی ٣٤

# درووستکردنی لاکێشە


١- لاپەڵاەیەکی نوێ بکەرەوەو بەهۆی ئامرزی Rectangular Marquee Tool شێوەیەکی لاکێشەی بکێشە:




٢- پاشان رەنگێك برێژە بەشە دیاری کراوەکە ،بەهۆی ئامرازی Paint Bucket Tool وە:




٣-خاڵی ١،دووبارە بکەرەوەو،لاکێشەیەکی دیکە لەناو لاکێشە پرِەنگەکە دا بکێشە و،پاشان پەنجە بنێ بە دووگمەی Del دا،بەمەش لاکێشەیەك دروست دەبێت:




وانەی ٣٥

# دروستکردنی وردە خاڵ


# لەسەر ڕووی وێنە

بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە پێویستە سەرەتا Pattern یّکی تایبەتی دروست بکەین، بۆیە سەرەتا هەڵدەستین بە ئەنجامدانی ئەم کارە:


١-لاپەڕەیەکی نویّ بکەرەوە،بەحەجمێکی بچووک (٥*٥)،بە باکگراوەندی Transparency، پاشان بەهۆی ئامرازی گەورەکردنەوە Zoom Tool (Z) لا پەڕە بچوکەکە گەورە بکە و ،دوواتر چەند خاڵێکی وردی ڕەشی تیادا دروست بکە،وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە:




٢-ئێستا ئەو لاپەڕەیەی چەند وردە خاڵێکت لەسەر دروست کرد ،دیاری بکە و،پاشان کلیك لەسەر Edit بکە و... دوواتر سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Define Pattern و کلیکی لەسەر بکە :




٣- ئەم دایەلۆگ بۆکسەت بۆ دەکرێتەوە،ناوێك بۆ Pattern کە بنووسە و کلیك لەسەر Ok بکە :





٤-ئێستا ئەو وێنەیە بکەرەوە کەدەتەوێت وردە خاڵەکەی پێبدەیت:



٥-کلیك لەسەر Edit بکە و...پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Fill و کلیکی لەسەر بکە:




٦-ئەم دایەلۆگ بۆ کسەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە لەبەشی Custom Pattern دا،ئەو پاتێرنە هەڵبژێرە کە درووستت کردووە،و پاشان کلیك لەسەر Ok بکە،دەبینی وێنەکە شێوەی وردە خاڵ وەردەگرێت:



٣٦
وانەی

# پێدانی ڕەنگێکی کاڵ بە ڕووکاری وێنە

١-وێنەکە بکەرەوە:




٢-وێنەکە Copy بکە و پاشان دایبنێرەوە Paste:

٣-پاشان ئەم فەرمانە جێبەجێبکە Layer>>> Layer Style >>>Color Overly :




٤-ئێستا کلیك لەسەر Ok و بروانە وێنەکە:




# پێدانی نەخشێکی ڕەنگی بە ڕووکاری وێنەیەك


## (یان چینێك)

وانەی ٣٧

١-وێنەکە بکەرەوەو،پاشان وێنەکە کۆپی Copy بکە و،دایبنێرەوە :Paste





٣-پاشان ئەم فەرمانە جێبەجێبکە Layer>>> Layer Style >>>Gradient Overlay :



**تێبینی :**

**دەتوانیت گۆڕانکارییەکان بەو شێوەیە بکەیت ،کە لە وێنەکەی خاڵی ٢،دا کراوە.**

**٣-لە دووای ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان ،کلیك لەسەر Ok بکە و بڕوانە وێنەکە:**




## لەبەرهەمە نوێیەکانی نووسەر ... چاوەڕوانبن ...

**١-پەیوەندییەکان و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر** Communication and Computer Network

**٢-بەرنامە سازی بەزمانی جاڤا** Programming with Java

**٣-فەرهەنگی وێنەیی کۆمپیوتەر** Computer Photo Dictionary

**٤- فەرهەنگی کۆمپیوتەری ئۆکسفۆرد** Oxphord Computer Dictionary

**٥-فۆتۆشۆپـــ١١ـــــ .**

**٦- فۆتۆشۆپ ٧ و ٨ و ٩ و ١٠ .**

**٧- ڤیدیۆ (موڤی مەیکەر ،ئەدۆب پریمەر،ڤیدیۆ ستۆدیۆ،فۆڕمات فاکتەری،ڤیدیۆ ستۆدیۆ،........) .**

**٨-ویندۆز ٧.**

**٩-مایکرۆسۆفت ئۆفیس ٢٠٠٣.**

**١٠-مەڵتی میدیا .**

**١١-فێربوونی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر (ویندۆز،ئۆفیس،نیرۆ،فۆتۆشۆپ،گۆڕەر،تۆمارکەر،لێدەر، وێنەسازی، و ..........) .**

**١٢-ڕێبەری سایتە جیهانییەکان .**

**١٣-ڕێبەری سایتە کوردییەکان . چاپی پێنجەمی نوێکراوە و زیادکراو.**

**١٤-نەخشەسازی سایت (زمانی جاڤا،مایکرۆسۆفت فرۆنت پەیج،جاڤا سکریپت،PHP و ASP).**

**١٥-نەخشەسازی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب (ئەدۆب ئیندیزاین،مایکرۆسۆفت وۆرد،فۆتۆشۆپ، مایکرۆسۆفت پەبلیشەر ، .........) .**

وانەی ٣٨


# پێدانی نەخشێکی Pattern بە وێنەیەك یان چینێك

لە وانەی پێدانی وردە خاڵ بە ڕووکاری وێنەیەك باسی چۆنییەتی دروست کردنی Pattern مان کرد،بۆیە لێرەدا تەنها باسی ئەم نەخشە ئامادانە دەکەین،کە لە بەرنامەکە دا هەیە:

١–وێنەکە بکەرەوە:




٢–وێنەگە کۆپی بکە Copy و ... پاشان دایبنێرەوە Paste و... دوواتر ئەم فەرمانە جێبەجێبکە Layer>>> Layer Style >>>Pattern Overlay :




وەك لە وێنەکە دا دیارە نەخشێك هەڵبژێرە و کاڵی و تۆخی نەخشەکە دیاری بکە و لە کۆتای دا کلیك لەسەر Okبکە و...بڕوانە وێنەکە ،دەبینی ئەو نەخشەی وەرگرتووە کە هەڵت بژاردووە:




وانەی
٣٩

# دروستکردنی باکگراوەند و نەخش Pattern لە بەشێکی دیاری کراوی وێنەیەك

١-وێنەیەك بکەرەوە:





٢-کلیك لەسەر Filter بکە،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Pattern Maker و کلیکی لەسەر بکە :




٣- ئەم پەنجەیەی خوارەوە دەکرێتەوە،تیایدا ئەو بەشە دیاری بکە کەدەتەوێت ببێتە نەخش و باکگراوەند:



٤–كليك لەسەر Generate بكە و ... پاشان كليك لەسەر Ok بكە:





٥–ئێستا باكگراوەند و نەخشێك درووست بووە:



وانەی ٤٠

# پێدانی ستایڵە ئامادەکراوەکان بە نووسینێك

١- لاپەڕەیەکی نوێ بکەرەوە ...ئەو نووسینەی دەتەوێت تێیدا بنووسە:





٢-لەبەشی Style دا،کلیك لەسەر یەکێك لە فلتەرەکان بکە و بڕوانە نووسینەکە،دەبینیت ڕەنگ و شێوەی فلتەرەکەی وەرگرتووە، ئێمە لێرە دا چەند فلتەرێکمان تاقیکردۆتەوە:










وانەی ٤١


# دروستکردنی باران بارین

١-وێنەکە بکەرەوە:





٢-چینێکی نوێ New Layer دروست بکە،بەم شێوەیە : Layer>>>New>>>Layer و


پاشان بەهۆی ئامرازی Paint Bucket tool وە ڕەنگێکی تێبڕێژە:بڕوانە وێنەکان:








٣-كليك لەسەر Filter بكە و،پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Noise و پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Add Noise و كليكى لەسەر بكە،كە بەهۆيەوە پەنجەرەيەكى نوێ دەكرێتەوە و...وەك لە وێنەكان دا ديارە گۆڕانكارييەكان بكە و كليك لەسەر Ok بكە:



٤- دووای ئەوەی کلیکمان لەسەر Ok کرد،وێنەکە بەم شێوەیەی لێدێت :





٥- کلیك لەسەر Filter بکە و...پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Blur و ...دواتر سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Motion Blur و کلیکی لەسەر بکە (وێنەی ١) و... دایەلۆگ بۆ کسێك دەکرێتەوە و گۆڕانەکان بە شێوەی وێنەکە ئەنجام بدە و کلیك لەسەر Ok بکە (وێنەی ٢):



٦–وێنەکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێدێت:




٧– لەپەنجەرەی تەنیشتی و لەبەشی لەیەر دا کلیك لەسەر Hard Lightبکە:



٨- ئێستا وێنەکەمان بارانی بۆ دروست بوو،بڕوانە وێنەکە:




**تێبینی:**

**دەتوانین لە( خاڵی ٧) دا،لە جیاتی ئەوەی کلیك لەسەر** Hard Light **بکەین،بەڵکو کلیك لەسەر** Vivid Light **یان** Linear Light **بکەین،بەمەش هەمان کارمان بۆ جێبەجێدەبێت بەکەمێك جیاوازییەوە:**




وانەی ٤٢

# گۆڕینی ڕەنگی وێنەیەك بە ڕەنگێکی تر


١- وێنەکە بکەرەوە:




٢-بەهۆی ئامڕازی (Magic Wand Tool (W وێنەکە دیاری Select بکە:





٣- لەبەشی دیاری کراوەکە دا ،کلیکی ڕاست بکە و ...پاشان لەو لیستەی بۆتکرایەوە کلیك لەسەر Grow بکە و،چەند جارێك دووبارەی بکەرەوە تا زۆربەی وێنەکە دیاری دەبێت:




تێبینی :

دووای ئـەوەی چـەند جارێـك كلیكـت لەسـەر Grow كرد،واباشـترە جـارێكیش كلیـك لەسـەر Similar بكەیت بۆ ئەوەی هەموو ئەو ڕەنگانەی كە لە ڕەنگە یاری كراوە دەچن سەلێكت بین.

٤– ئێستا كلیك لەسەر ڕەنگێك بكە لەبەشی Swatches و پاشان كلیك لەسەر Edit بكە و... سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Fill و ... كلیكی لەسەر بكە(وێنەی ١) كە بەهۆیـەوە ئەم شێوەیەت بۆ دەكرێتەوە (وێنەی ٢) لەبەشی Mode دا،كلیك لەسەر Overlay بكە:




وێنەی ١




وێنەی ٢

٥–ئێستا كلیك لەسەر Ok بكە و...بڕوانە ڕەنگی وێنەكە:




تیبینـی:ئەگـەر سـەدا سـەد ڕەنگەكۆنەكـە لانەچـووبوو،ئەوا دەتوانیـت بـەهۆی ئـامرازی دیـاری كردنەوەی ئەو بەشە دیاری بكەیت و ... بەهۆی ئامرازی ڕەنگكردنیشەوە هەمان ڕەنگی تیبڕێژیت.

وانەی ٤٣

# گۆڕینی باکگراوەندی وێنە


١- ئەو وێنەیەی دەتەوێت باکگراوەندەکەی بگۆڕیت بکەرەوە:




٢- وێنەکە لە باکگراوەندەکەی جیا بکەرەوەو دەری بهێنە ،وەك لە وانەی دەرهێنانی وێنە دا باسمان کرد:





٣- ئێستا ئەو وێنەیە بکەرەوە کە دەتەوێت بیکەیت بە باکگراوەند:



٤–ئێستا وێنەی یەکەم ڕابکێشە بۆ ناو وێنەی دووەم :




٥– ئێستا وێنەکە بچوکبکەرەوە بەهۆی چالاککردنی فرمانی Edit >>> Free Transform و لەگەڵ باکگراوەندەکە دا بیگونجێنە و،بەشە زیادەکانی لێ ببڕە:



٤٤

وانەی


# پێچەوانە کردنەوەی ڕەنگی وێنەکان

١- وێنەکە بکەرەوە:




٢-كليك لەسەر فلتەر بكە،پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Eye Candy ٤٠٠٠ و دوواتر سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Ante matter و كليكی لەسەر بكە و پاشان كليك لەسەر ok بكە:


Filter >>> Eye Candy ٤٠٠٠ >>> Ante Matter



**وانەی ٤٥**


# پێدانی کاریگەرییەکی شێوە موجەسەم بۆ نووسینەکان


١- لاپەڕەیەکی نوێ بکەرەوە نووسینەکەت بنووسە :



٢- ئەم فرمانە جێبەجێبکە :

Filter >>> Eye Candy ٤٠٠٠ >>> Bevel Boos



٤٦
وانەی


# دروستکردنی چوار چێوەی وێنە

١-وێنەکە بکەرەوە:





٢- ئەم کردارە جێبەجێبکە :


Filter >>> Eye Candy ٤٠٠٠ >>> Chrome ...



٣–ئەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوە:





٤–لەبەشی Bevel Profile دا،کلیك لەسەر Hump بکە،بڕوانە وێنەکەی سەرەوە،پاشان کلیك لەسەر Basic بکە و چەند جۆرێکی تێدایە تاقییان بکەرەوە کامیانت پێ جوان بوو،هەڵی بژێرە و دوواتر کلیك لەسەر Ok بکە:



**٤٧**
**وانەی**

# دانانی ڕەنگ و ڕەنگی شێوە تۆز بۆ باکگراوەندی نووسین

١–نووسینەکەت بنووسە :




٢– ئەم کردارە جێبەجێبکە :

Filter >>> Eye Candy ٤٠٠٠ >>> Corona …




٤٨

وانەی

# تێکەڵکردنی دوو وێنە


١- وێنەکان بکەرەوە :





٢-یەکێك لە وێنەکان ببەرە ناو  وێنەکەی تر :



-٣ له پەنجەرەی تەنیشتی و ... لەبەشی Layer دا،کليك لەسەر Darken بكە :




-٤ ئێستا بڕوانە وێنەکان ببینە چۆن تێکەڵبوون:



# زبرکردنی وێنە وپەرشکردنەوەی ڕەنگەکانی

وانەی ٤٩

یەکێك لە فلتەرەکانی فۆتۆشۆپ بۆ سپی کردنەوەی وێنە و... پەرشکردنەوەی ڕەنگەکان وزبرکردنی وێنەکان بەکاردێت.

١-وێنەکە بکەرەوە:




٢-ئەم کارە ئەنجام بدە :

:Filter >>> Distort >>> Diffuse Glow >>>>ok



**وانەی ٥٠**

# فلتەری Glass

**ئەم فلتەرە بەکاردێت بۆ گۆڕینی وێنە بۆ شێوەیەکی شوشەیی کە وەك ئەوە وایە لە شوشەوە سەیری وێنەکە بکەیت.**

**١-وێنەکە بکەرەوە:**




**٢-ئەم کارە ئەنجام بدە :**

:Filter >>> Distort >>> Glass >>>> Ok




٥١
وانەی

# قۆقزکردن و قوپاندنی وێنە

١-وێنەکە بکەرەوە:




٢-کلیك لەسەر Filter بکە،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Distort و دوواتر سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر ... Pinch وکلیکی لەسەر بکە،کە بەهۆیەوە ئەم شێوەیەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوەو ... بەهۆیەوە وێنەکە قۆقز بکە بەکەمکردنەوەی نرخی Amount،یان بیقوپێنە بە زیادکردنی نرخی Amount و کلیك لەسەر Ok بکە:




## قۆقز کردنی وێنە

وانەی
٥٢


# خڕکردنەوەی وێنە

بۆ خڕکردنەوەی وێنەیەك کە بەشێوەی گێژەڵوکەیی دەربکەوێت، فلتەرێکی تایبەتیمان هەیە و بەکاری دەهێنین،ئەویش بە دوو شێوە ئەم کارەمان بۆ ئەنجام دەدات ...

١–وێنەکە بکەرەوە:




٢–کلیك لەسەر Filter بکە،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر Distort و دوواتر سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Polar Coordinate وکلیکی لەسەر بکە،کە بەهۆیەوە ئەم شێوەیەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە..یەکێك لەو دوو شێوەیە هەلبژێرە ئەویش بە کلیك کردن لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم هەریەکێك لەو هەڵبژاردنانە و دوواتر کلیك لەسەر Okبکە:










وانەی ٥٣


# دروستكردنی شێوە شەپۆل لە وێنەكان دا

١- وێنەكە بكەرەوە:




٢-كليك لەسەر Filter بكە،پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرە سەر Distort و دوواتر سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Wave وكليكی لەسەر بكە،بەمەش دايەلۆگ بۆ كسێك دەكرێتەوە بەهۆيەوە گۆڕانەكان ئەنجام بدە و كليك لەسەر Ok بكە و... بڕوانە وێنەكە :





## وانەی ٥٤

# دروستکردنی پولی پۆسته


١- لاپەڕەیەکی نوێ بکەرەوە،بەو شێوەو تایبەتمەندییانەی لە وێنەکە دا دیارە:




٢-چینێکی نوێ New Layer دروست بکە :






وێنەی ١




وێنەی ٢


٣- ناو لاپەڕە کراوەکە بەو شێوەیە دیاری بکە،کە لە وێنەکە دا دیارە و،پاشان ڕەنگی سپی تیبرێژە:





پاشان پەنجە بنێ بە Cntrl+D دا،بۆ ئەوەی دیاری کردنەکە Select لابچێت.

٤- ئەم کارە جێبەجێبکە، Filter >>> Distort >>> Wave کە بەهۆیەوە،ئەم شێوەیەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە بەشێوەی ناو وێنەکە ڕێکی بخە و،کلیکی لەسەر Ok بکە و،پاشان بڕوانە وێنەکە :





وانەی ٥٥

# دروستکردنی چینێکی شێوە هەوری

١- لاپەڕەیەکی نوێبکەرەوە:




٢- کلیك لەسەر فلتەر Filterبکە،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Render و... دوواتر سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Cloud و کلیکی لەسەربکە (وێنەی ١) و ئێستا بڕوانە لاپەرە نوێیەکەت ،دەبینیت چینێکی هەوری بەو ڕەنگەی چالاکە دروست بووە(وێنەی ٢) :




وێنەی ١




وێنەی ٢


وانەی ٥٦

# بەکارهێنانی کاریگەرییە ڕووناکییەکان

١- وێنەکە بکەرەوە:




٢- کلیك لەسەر فلتەر Filterبکە،پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Render و... دوواتر سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Lighting Effect و کلیکی لەسەربکە و ئێستا دایەلۆگ بۆ کسێکی نوێ دەکرێتەوەو تیایدا گۆڕانکارییەکان ئەنجام بدە و کلیك لەسەر Okبکە (وێنەی ٢) و دەبینیت کارگەرییە ڕووناکییەکان لەسەر وێنەکە دەردەکەوێت :




وێنەی ٢



وێنەی ١

وانەی ٥٧

# ڕونكردنەوەی وێنەكان


هەر چوار فرمانی Sharpen بۆ مەبەستی ڕوونكردنەوەی وێنە و تارادەیەك زبر كردنی وێنەش بەكاردێت ،بۆ بەكورتی ئاماژەیان پێدەكەین:

- Sharpen:ڕونكردنەوەیەكی ئاسایی وێنەكەیە.
- Sharpen Edge: سنورەكانی وێنەكە ڕوون دەكاتەوە.
- Sharpen More: ڕونكردنەوەی زیاتر .
- Unsharp Mask: بەویستی خۆمان وێەكە ڕوون دەكەینەوە.

١- وێنەكە بكەرەوە:




٢- كليك لەسەر فلتەر Filter و پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Sharpen و دوواتر كليك لەسەر هەريەكێك لەو فرمانانە بكە كە لە ليستێكی بچووك دا بۆتكراوەتەوە (وێنەی ١) و دوواتر بروانە وێنەكە (وێنەی ٢):







وێنەی ٢


وانەی
٥٨

# پێدانی ڕەنگی جیاواز بە وێنەکان

١- وێنەکە بکەرەوە:




٢- کلیك لەسەر فلتەر  Filter و پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Other و دوواتر سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر ... Custom و کلیکی لەسەر بکە،کە بەهۆیەوە ئەم شێوەیە دەکرێتەوە ژمارە داغڵ بکە بۆ چوار گۆشەکان و دەبینیت بە گوێرەی ئەو ژمایەی داغڵی دەکەین وێنەکە دەگۆڕێت:







٥٩
وانەی

# پێدانی ڕەنگێکی کۆن بە وێنەکان

١- وێنەکە بکەرەوە:




٢- كليك لەسەر فلتەر Filter و پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر Other و دوواتر سەهمی ماوسەكە ببەرە سەر High Pass و كليكی لەسەر بكە،كە بەهۆيەوە ئەم شێوەيە دەكرێتەوەو تيايدا دەستكاری ڕێژەی ئەو ڕەنگە بكە كە دەتەوێت بيدەيت بە وێنەكە و لە كۆتای دا كليك لەسەر Ok بكە :



٦٠

وانەی


# ڕۆشنکردنەوەی وێنە

